# ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە نێوان پێداگریی هەرێم و ڕەتکردنەوەی ئەمریکادا: هۆکار و لێکەوتەکانی

ID No. 1362

(PP 169 - 187)

https://doi.org/10.21271/ZJlP.21.35.9

| پ.ی.د. نوزاد عبدالله شکری |
| --- |
| کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/زانکۆی سەلاحەددین |
| nawzad.shukery1@su.edu.krd |

وەرگـــــرتن : 2023/06/1625

پەسندکردن : 2023/09/07

بڵاوکردنەوە : 2023/ 12 /01

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ورد باس لە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر هەرێمی کوردستان دەکات لە سەردەمی دۆنالد ترەمپ 2017-2021. لەم ڕووەوە، توێژینەوەیەکە مەبەستیەتی بە خستنەڕووی ئەرگیۆمێنتی زانستی هۆکار و پەڵنەرە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و هەروەها دژایەتی ئیدارەی ترەمپ بۆ پرسی سەرخۆی کوردستان ڕوون بکاتەوە. دیارە، هەوڵەکانی عێراق بە ئاراستەی پەراوێزخستنی هەرێم ، کوکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە بەغدا و پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد هاندەر بوون بۆ ئەوەی کورد بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە. بەڵام ئەمە تەنیا هۆکار نەبووە، بەڵکوو بەهێزبوونی پێگەی کورد دوای هاتنی داعش بۆ عێراق و کۆنترۆڵکرنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان و خودی سیاسەتی هەرێم بۆ درووستکردنی دەوڵەتی دیفاکتوو، کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەوەی سەرکردەکانی کورد پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکەن. لەلایەکی ترەوە، سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بە ئاراستەی دژایەتیکردنی پرسی سەربەخۆیی کوردستان بووە. بەتایبەت ئەمریکا پێی وابوو ڕیفراندۆم دەبێتە هۆی دووبارە بەهێزبوونی داعش، ناسەقامگیرکردنی زیاتری عێراق و ناوچەکە، سەرهەلدانی شەری ئەتنی و زیاتربوونی دەستتێوەردانی دەوڵەتانی هەرێمی لە کاروباری عێراق و هەرێمدا. بەهەمان ئاراستەش، ئەمریکا پێی وابوو ئەم هەنگاوەی کورد زیان لە پێگەی عەبادی دەدات کە لە لایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرا و پێیان وابوو عەبادی دەتوانێت هەم عێراق سەقامگیر بکات و هەم ڕووبەڕووی هەژموونی ئێران و گرووپە میلیشیاکان ببێتەوە.

وشە سەرەکییەکان: ئەمریکا، هەرێمی کوردستان، ڕیفراندۆم

## پێشەکی

پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی قۆناغێکی زۆر گرنگە لە مێژووی سیاسی کورددا. لەم ڕووەوە یەکێك لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی لە پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ئەوە بووە کە کورد

بێتە خاوەن قەوارە و کیانێکی سەربەخۆ. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدات ئەو هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییانە کە وایانکرد کورد هەنگاو بەرەوە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بهاوێژێت، دەستنیشان بکات. هەروەها مەبەستیەتی ئاراستەکانی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان ڕوون بکاتەوە. بەهەمان ئاراستەش، توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ورد باسی کاریگەریی و لێکەوتەکانی پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەر پێگەی هەرێم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی دەکات.

لەڕاستیدا پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پێداگیریی سەرکردەکانی کورد لەسەر ئەم پرسە و ڕازینەبوون بەو ئەلتەرناتیڤانەی کە لەلایەن ئەمریکا وهاوپەیمانەکانەوە پیشکەش کران، جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە. بەتایبەت ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە بۆچی سەرەڕای گوشارەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، سەرکردەکانی کورد ئامادە نەبوون ئەو پرسە دوابخەن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە بۆچی ئیدارەی ترەمپ دژایەتی توندی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و پرسی سەرخۆیی کوردستانی کرد.

گومانی تێدا نییە خوێندنەوەی سەرکردایەتی سیاسی کورد بۆ ئەو مەترسی و هەڕەشانەی کە بە هۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەسەر هەرێم درووست دەبوون، وەك پێویست نەبووە. بە واتایەکی تر هەرێم خوێندنەوەیەکی وردی بۆ بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و دابەشبوونی نێوان هیزە سیاسییەکان و هەڵوێست و کاردانەوەی بەغدا و دەوڵەتەکانی هەرێمی و هاوپەیمانەکان نەبووە. بەتایبەت کورد پێی وابووە دەتوانن واقیعێك درووست بکەن و لە کۆتاییدا هەموو لایەنەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن. شایانی باسە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی سەبارەت بە پرسی سەربەخۆیی کوردستان نووسراون. بەڵام وێڕای ئەمەش زۆر کەموکورتی هەیە لەوەی کە بەشێوەی ورد باس لەو هۆکارانە نەکراوە کە هاندەربوون بۆ ئەوەی هەرێم ڕیفراندۆم ئەنجام بدات. یاخود بۆچی ئەمریکا سەرکەتوو نەبوو لەوەی باوەڕ بە هاوپەیمانی سەرەکی خۆی کە کورد بوون بهێنێت تا پرسی ڕیفراندۆم دوابخەن. لێرەدا بە پێویستمان زانی لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم و هەڵوێستی ئەمریکا، ئەو بۆشاییە ئەکادیمییە پڕبکەینەوە.

سەبارەت بە پرسیارە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە، لێرەدا توێژەر هەوڵی داوە وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ بداتەوە لەوانە: بۆچی هەرێمی کوردساتان پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کردووە؟ گرنگترین ئەو هۆکار و فاکتەرانە چی بوون کە وایکرد ئەمریکا دژایەتی پرسی سەربەخۆیی کوردستان بکات؟ کاریگەری لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم بۆ سەر پێگەی هەریمی کوردستان لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی چی بوون؟ گریمانەی توێژینەوەکە لەسەر ئەو خاڵە بونیات نراوە کە پێشلکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد، هەوڵەکانی مالیکی بۆ درووستکردنی دەوڵەتێکی سەنترال، بەهێزبوونی پێگەی کورد و کۆنترۆڵکردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان لەلایەن هێزی پیشمەرگەوە، یارمەتیی سەربازی هاوپەیمانان هاندەر بوون بۆ ئەوەی هەرێم ڕیفراندۆم ئەنجام بدات. هەروەها دژایەتی ئەمریکا بۆ ئەم هەنگاوەی کورد لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەم هەنگاوەی کورد دژی بەرژەوەندیەکانیەتی بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە سەقامگیری عێراق، شەڕی داعش و هەژموونی ئێرانەوە هەیە لە عێراقدا.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم بابەتە لە ڕوانگەی "گرنگیی توێژینەوەکە" دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین.

1- توێژینەوەکە هەوڵ دەدات بە وردی لە ڕووی زانستییەوە گرنگترین ئەو هۆکار و پاڵنەرانە بخاتەڕوو کە وایکرد کورد پێداگری لەسەر پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکات.

2- توێژینەوەکە مەبەستیەتی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بەرامبەر پرسی ڕیفراندۆم ڕوون بکات وهەروەها هەموو ئەو پاڵنەروهۆکارانە دیاری بکاتەوە کە وایانکرد ترەمپ دژایەتی سەربەخۆیی هەرێم بکات.

3- توێژینەوەکە مەبەستیەتی بزانێت تا چەند ناکۆکییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و سیاسەتی مالیکی کاریگەری هەبووە لە سەر ئەوەی کورد هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بهاوێژێت.

4- دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم چی بوون و چ کاریگەرییان لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان هەبووە.

**هەروەها سەبارت بە ''تیۆری سەرەکیی توێژینەوەکە ''، ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی لە شیکردنەوەی ئەرگیومێنتەکانی خۆیدا پشت بە تێۆری ڕیاڵیزمی نویٚ دەبەستێت. بەتایبەت سیاسەت و ڕوانگەی ئەمریکا بۆ دژایەتی پرسی سەربەخۆیی دەچێتە خانەی ئەو لێکدانەوەیەی کە تیوری ڕیالیزمی نویٚ بۆ سیاسەتی ئەمریکا دەکات و پێیوایە کە ئەمریکا بەتایبەتیش لە ڕوژهەڵاتی ناوەڕاستدا زیاتر گرنگی بە پارێزگاریکردنی ئاسایش و سەقامگیری دەدات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی خۆی بپارێزێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕووبەڕووبوونەوەی کاریگەری و هەژموونی ئیران لە عێراقدا، درووستکردنی دەوڵەتێکی دووست هاوپەیمان لە بەغدا، دژایەتیکردنی گروپە تیروریستییەکان، و ڕاگرتنی جۆرێك لە باڵانسی هێز لە ناوچەکەدا بە شێوەیەك لە بەرژەوەندیی ئەمریکا دابێت لە کارە هەرە گرنگەکانی سیاسەتی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا.**

**لەم ڕوانگەیەوە بەرپرسانی ئەمریکا پێیان وابوو هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی زیان لە هەموو ئەو بەرژەوەندیيانەی سەرەوەی ئەمریکا دەدات و دەیانخاتە مەترسییەوە. بۆیەش ئەمریکا بە توندی داژیەتی سەربەخۆیی کوردستانی کرد. بە هەمان ئاراستەش، سەبارەت بە ڕەفتار و سیاسەتی سەرکردەکانی هەرێم بۆ پرسی ڕیفراندۆم دەتوانین لە ڕوانگەی تیۆری ڕیالیزمەوە شروڤەی بکەین هەرێم وەك دەوڵەتێکی دیفاکتوو پێی وابووە دەرفەتیکی گونجاو هەیە بە تایبەت دوای هاتنی داعش بۆ ئەوەی واقیعێکی نویٚ لە عێراقدا درووست بکات و هەنگاو بەرەوە سەربەخۆیی بهاوێژێت. لەم ڕوانگەیەوە هەرێم هەوڵیداوە سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت بۆ زیاتر بەهێزکردنی پێگەکەی خۆی و بەدەستهێنانی هێزی زیاتر لە هاوکێشە سیاسییەکاندا.**

**هەروەها سەبارەت بە ''پێکهاتەی توێژینەوەکە'' ئەم توێژینەوەیە بە سەر پینج باسی سەرەکیدا دابەش کراوە، باسی یەکەم هەوڵ دەدات هەموو ئەو هۆکارو پاڵنەرانە دەستنیشان بکات کە هاندەر بوون بۆ ئەوەی کورد جەخت لە سەر پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکات. لە باسی دووەمدا هەوڵ دەدەین باسی سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بکەین کە چۆن هەوڵیاندا قەناعەت بە کورد بکەن پرسەکە دوابخەن. لە باسی سێیەمدا تویژینەوەکە مەبەستیەتی ئەو خاڵە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی کورد زۆربەی پیشنیار و بەدیلەکانی ڕیفراندۆمیان ڕەت کردنەوە. لە باسی چوارمیش هەوڵ دەدەین بە وردی باسی ئەو هۆکار وپاڵنەرانە بکەین کە وایانکرد ئەمریکا دژایەتی ڕیفراندۆم بکات. لە باسی پێنجەم ا باسی کاریگەریی و لێکەوتەکانی ڕیفراندۆم دەکەین و هەروەها تیشك دەخەینە سەر سیاسەتی ئەمریکا لە دوای پرۆسەی ڕیفراندۆم.**

**باسی یەکەم، هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی بۆ سەربەخۆیی**

**لە دوای سەرهەڵدانی 1991، درووستکردنی ناوچەی دژە فڕین و دواتریش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، کورد بۆ یەکەمجار دوای درووستبوونی دەوڵەتی عێراق بووە خاوەن دیفاکتویەکی دانپێدانەنراو کە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پاڵپشتی دەکرا. هەڵبەتە پاڵپشتی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ کورد لەو ماوەیەدا زیاتر لە ڕوانگەیەکی مرۆییەوە بووە نەك سیاسی. (Shareef, 2010, pp. 187-190). لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا لە 2003 ، کورد بە شێوەیەکی چالاکانە و ئەکتیڤ بەشدار بوون لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا و لەگەڵ هێزە عێراقییەکان بە تایبەتیش هێزە شیعەکان ڕۆڵێکی گەورە و مەزنیان بینی لە درووستکردنی عێراقی نوێدا. بەتایبەتیش لە دەستووری هەمیشەییدا کە ساڵی 2005 پەسەند کرا بەشێکی گرنگی مافەکانی کوردی تێدا دەقنووسکران. گرنگترنی ئەوانەش بریتی بووە لە چەسپاندنی سیتسمی فیدراڵی، دانپێدانانی فەرمی بە کیانی هەرێم و دامودەزگاکانی، دانپێدانان بە هێزەکانی پێشمەرگە وەك هێزێکی فەرمی لە چوارچێوەی عێراق، چەسپاندنی بەندی 140 بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان. ئەمە بەدەر لەوەی بە پیٚ دەستوور دان بەوەدانرا کە هەرییٚم لە ڕووی سامانە سروشتییەکانەوە بە هاوبەشی لەگەڵ بەغدا دەسەڵاتی هەبێت و هەروەها وەبەرهێنان بکات لەو کێڵگانەی دوای 2005 دەدزرینەوە. (نەوزاد عبدوڵا هێتوتی، 2009،ل ل 133-151).**

**دیارە لە سەرەتای دامەزراندنی عێراقی نویٚ و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی، پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان کورد و هێزە شیعەکاندا هەبووە و هەردوولا پاڵپشتییان لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا دەکرد لە عێراقدا و لەگەڵ**

درووستکردنی ناوەندێکی بەهێز نەبوون. ئەم تێڕوانینە هاوبەشە یارمەتیدەر بووە، بۆ ئەوەی کورد و شیعە بە هاوبەشی و تەوافق دەستووری هەمیشەیی پەسەند بکەن. ئەو کات شیعەکان نەك هەر دژی سیستمی فیدراڵی نەبوون، بەڵکوو خۆشیان پرۆژەیەکیان هەبووە بۆ بە فیدراڵیکردنی ناوچە شیعەکان. ( Galbath, 2007)

لەڕاستیدا هۆکاری نەرمینواندنی پێکهاتەی شیعە و بەتایبەت ئەو هێزانەی سەر بە ئێران بوون لەو سەردەمەدا بەرامبەر کورد و مافە دەستوورییەکانی، خۆی لە چەند هۆکارێکدا دەبینیەوە. یەکەم، ئەو کات شیعەکان و ئێران ترسیان لەوە هەبوو کە ئەمریکا دەسەڵاتێکی بەهێز، علمانی، ناسیونالێست و هاوپەیمانی خۆی لە بەغدا درووست بکات. ئەمەش مەترسییەکی گەورە بووە بۆ سەر پارتە ئیسلامییە شیعەکان و ئیران. بەتایبەت ئەوان هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی زەقکردنەوەی پرسی تایفی و شیعەگەرایی ڕووبەڕووی سیاسەتی ئەمریاکا بنەوە. دووەم، شیعەکان ترسیان هەبووە کە ئەمریکا دەسەڵاتێکی هاوشێوەی سەدام حوسین لە ژێر ناوێکی دیکەدا دووبارە لە عێڕاق زیندوو بکاتەوە. سێیەم، شیعەکان ئەوکات پێگەیان زۆر لاواز بوو و هیچ ئەزموونێکیان لە فەرمانرەواییدا نەبوو و باوەڕیان نەدەکرد ڕۆژێك دێت لە عێراقدا دەبنە خاوەن دەسەلات. ئەمە لە کاتێکدا بووە کە کوردەکان دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەبووە و خاوەن حکومەت و پەرلەمان بوون. چوارەم، ئێران و هاوپەیمانەکانی مەترسییەکی دیکەشیان هەبووە، ئەویش ئەوە بووە کە ئەمریکا عێڕاق بکاتە بنکەیەکی سەرەکی بۆ لێدانی ئیران و ڕووخاندنی سیستمی سیاسی لە ئێراندا. بەتایبەت ئەگەر پرۆسەی بە دیموکراسیکردنی عێڕاق سەرکەوتوو بوایە ئەگەری زۆر هەبووە ئەمریکا بیر لە گۆڕانکاریی گەورەتر لە ناوچەکەدا بکاتەوە و یەکێك لە ئەگەرەکان گۆڕینی ڕژێمی ئێران بووە (نەوزاد هێتوتی،2018).

هەموو ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی درووستبوونی جۆرێك لە هاوپەیمانەتی و هاودەنگی لە کورد و شیعەکان سەربارەت بە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا. بەڵام هاوپەیمانی و لێکنزیکی کورد و هێزە شیعەکان لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا زۆری نەخایاند. بەتایبەت لە دوای 2008 کاتێك شیعەکان توانیان لە ڕێگەی کارتی زۆرینەوە دەسەلاتی خۆیان لە بەغدا بەهێز بکەن و دەست بەسەر هەموو جومگە گرنگ و هەستیارەکانی دەسەلاتدا بگرن لە رووی سیاسی، ئابووری و سەربازییەوە. بەتایبەت دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ساڵی 2011 کەوتنە ڕاوەدونانی ئەکتەرە سیاسییە بەهێزەکانی عەرەبی سوونی وپێشلکردنی مافە دەستوورییەکانی کورد ( Shukri, 2017, pp.135-139).

هەموو ئەمانەش وایکرد کە کورد بە دوای ئەڵتەرناتیڤێکی تردا بگەڕێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا. لە ساڵی 2014 بە تایبەتیش دوای هاتنی داعش بۆ عێڕاق، سەرکردەکانی کورد بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی باسیان لە پرسی ریفراندۆم و پرسی سەربەخویی کوردستان دەکرد. بارزانی لە 3ی تەمموزی 2014 لە میانەی گوتارێکدا لە پەرلەمانی کوردستاندا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە عێڕاق بە هەموو شێوەیەك کوردی پەراوێزی خستووە و پابەندی دەستوور نییە. بۆیە کاتی ئەوەیە کە هەرێم بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. هەروها، بارزانی داوای لە پەرلەمان کرد یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی لە کوردستان پەسەند بکەن و پەرلەمان خۆی ئامادە بکات بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان.(بارزانی، 2020، ل،34 ). هەرچەندە بەهۆی پەلامار و هێرشی داعش بۆ سەر کوردستان پرسی ڕیفراندۆم بۆ ماوەیەك پەراوێز خرا، بەڵام دوای شکستی داعش دووبارە هەرێم جەختی لەسەر ئەو پرسە کردەوە. لە 7ی حوزەیرانی 2017 لە هەنگاویکی پراکتیکیدا 25ی ئەیلوولی 2017 وەك ڕۆژی ئەنجامدانی ڕاپرسی دەستنیشان کرا و لە 25ی ئەیلوول 2017 92.73% لە ریفراندۆمێکی سەرتاسەریدا خەڵك دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا. (بارزانی، 2020، ل،36).

لێرەدا کە باس لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین، ئەو پرسیارە دێتە پیش بۆچی سەرکەردایەتی کورد پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کرد؟ بەتایبەت دیاربوو پێش کشانەوەی ئەمریکا و هاتنی داعش سەرکەردایەتی کورد زۆر لە گەڵ ئەو پرسە نەبوون و بەردەوام جەختان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مانەوە لە چوارچێوەی عێڕاقدا لە بەرژەوەندی هەرێم دایە و لەگەڵ ئەوە نین لە عێڕاق جیا ببنەوە.( Boehner،2006). بەتایبەت لە ساڵی 2005 لە ڕاپرسییەکی نافەرمیدا کە لە هەرێم ئەنجامدرا نزیکەی 90% خەلك دەنگیان بە سەربەخویی دا .(Joseph and O’Hanlon، 9). بەلام سەکردەکانی کورد جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە چوارچیوەی عێڕاقدا بمێننەوە و لەگەڵ ئەوەدا نین هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بهاوێژین. تەنانەت سەرکردەکانی کورد باسی ئەوەیان دەکرد کە مانەوە لە چوارچێوەی عێڕاقدا زیاتر گرنتی

**مافەکانی هەرێم دەکات ( Boehner، 2006). کەواتە چی ڕوویدا لە دوای 2010 سەرکردەکانی کورد گۆرانکاری بەسەردا بۆچوونیاندا بهێت و بیر لە سەربەخوی بکەنەوە.**

**باسی دووەم، بۆچی هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی کرد.**

**لە ڕاستیدا زۆرهۆکار و پاڵنەر هەبوون کە وایانکرد کورد بە ئاراستەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم هەنگاو بهاوێژێت کە لێرەدا دەکریت ئاماژە بە گرنکترین ئەو فاکتەرانە بکەین:**

**یەکەم: هەوڵەکانی عێراق بۆ پەراوێزخستنی کورد و پابەندنەبوون بە بەندەکانی دەستووری هەمیشییەوە یەکیك بووە لە هۆکارە گرنگەکان بۆ ئەوەی کورد بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو بهاوێژێت. وەك ئاماژەمان پێکرد کورد لە دوای 2003 بەشداری کارایان هەبووە لە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا و ڕۆلیکی گرنگیان گێرا لە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی Katzman, ) 2010 ,PP.) . بەڵام لە 2008 بەدواوە بەغدا کەوتە دژایەتیکردنی هەرێم ومافە دەستوورییەکانی. بەتایبەت لە قۆناغی دووەمی سەروکایەتی مالیکیدا (2010-2014). لەم ڕووەوە، بەغدا هەوڵەکانی چڕ کردوە بۆ دژایەتیکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێم (Esposti, 2021). تەنانەت دەسەڵاتدارانی بەغدا باسی ئەوەیان دەکرد کە هەوڵ دەدەن دەستوور هەموار بکرێت بە ئاراستەی کەمکردنەوەی مافەکانی هەرێم لە بەرژەوەندیی بەهێزکردنی سەڵاتەکانی ناوەند. ئەمەش بەو بیانوەی کە دەستوور لە باردوخێکی نەگونجاودا نووسراوە و دەسەڵاتی زۆر بە هەرێم دراوە.**

**لە سەردەمی دەسەڵاتی مالیکی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا سەبارەت بە زۆر پرس و مەلەف، لەوانەش پرسی نەوت و گاز، بەندی 140 و کێشەی ناوچە ناکۆکەکان، پرسی پێشمەرگە، بەشە بوودجەی هەرێم و پراکتیزەکردنی ڕاستودروستیی دەستووری عێراق و چۆنیەتی بەڕێوە بردنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێم بێ چارەسەری مانەوە. لەم ڕووەوە بەغدا هیچ هەنگاوێکی پراکتێکی بە ئاراستەی چارەسەرکردنی ڕیشەیی ئەم مەلەفانە نەهاوێشت. لەوەش خراپتر مالیکی لە 2014 لە هەنگاوێکی لەناکاودا بە ئاراستەی زیاتر گوشارخستنە سەرهەرێم، بوودجەی هەرێمی بڕی بە بیانووی ئەوەی هەرێم نەوت ڕادەستی بەغدا ناکات ( Rudaw,2014).**

**مەسعود بارزانی ئەم هەنگاوەی بەغدای بە مانای ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی هەرێم وەسف کرد (بارزانی،2020، ل ل، 30-40). لە ڕاستیدا ئەم هەنگاوەی بەغدا زۆر فاکتەری لە پشتەوە بووە: یەکەم، گوشارخستنە سەر هەرێم بۆ ڕادەستکردنی مەلەفی نەوت و گاز بە بەغدا. دووەم، لاوازکردنی پێگەی هەریم و هاندانی خەڵك بۆ ئەوەی لە دژی حکومەتی هەرێم دەست بە خۆپیشاندان بکەن و کوردستانیش ناسەقامگیر ببێت. بەتایبەت مالیکی پێی وابووە بە بڕینی بوودجە وادەکات دەسەڵاتدارانی هەرێم نەتوانن مووچەی فەرمانبەران بدات. بەهەمان ئاراستەش مالیکی وای بۆ دەچوو کە ئەم هەنگاوە لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانەکانی دەبێت لە کوردستان و لە پرۆسەی هەلبژاردنەکاندا کە بڕیاربوو لە نیسانی 2014 بەڕێوە بچن ، خەڵك دەنگ بە هاوپەیمانەکانی دەدەن و ئەمەش هاوکار دەبێت بۆ ئەوی مالیکی پۆستی سەرۆکوەزیران گرنتی بکات.**

**سەبارەت بە سیاسەتەکانی مالیکی، بارزانی ئاماژەوە بەوە دەکات کە لە سەردەمی مالیکی شتێك نەما بە ناوی شەراکەت، هاوبەشی وهاسەنگی لە پرۆسەی سیاسی عێڕاقدا. لە ساڵی 2010 بەدواوە هەست بەوە کرا کە عێراق بەرەو هەڵدێر و تاکڕەوی دەڕوات. بەتایبەت کە پرەنسیپی شەراکەت پێشێل کرا. ئەمەش وایکرد پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕۆژ بە ڕوژ زیاتر بەرەو گرژی برۆن (بارزانی، 2020، ل ل 30-40). بارزانی ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك لە عێراق بێ هیوا بوون، بیریان لە بەدیلێکی تر کردەوە ئەویش سەربەخویی کوردستان بووە. لەم ڕووەوە، بارزانی دەڵێت: عێڕاق زیاتر لە 55 مادەی دەستووری پێشێل کردبوون. پرەنسیپی شەراکەت و هاوسەنگی لە بڕیار و دامەزراوەکانی عێراق بەتەواوەتی پەراوێز خرابوو و لۆژێکی خۆسەپاندن جێگەی شەراکەتی گرتەوە وزۆرینەش جێگەی تەوافقی گرتەوە (بارزانی، 2020، ل ل 30-40).**

**هۆکارێکی دیکەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پەیوەندی بە پێشکەوتن و بەرەوپیشچوونی کەرتی نەوت و گازی هەرێمەوە هەبووە. بەتایبەت حکومەتی هەرێم لە دوای ساڵی 2003 هەوڵەکانی بۆ پێشخستن و بەهێزکردنی کەرتی نەوت وگاز چڕ**

**کردنەوە. دوای ئەوەی هەرێم گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش "agreement ‘shared production ی لە ساڵی 2011 لە گەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان واژۆ کرد بە دەیان کۆمپانی گەورە و مەزنی بواری وزە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و دەستیان بە بەرهەمهێنانی نەوت کرد لە هەرێم. ئەمەش بووە هۆی زیاتر توندبوونی ناکۆکییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا. بەتایبەت پەرلەمانی عێراق ئامادە نەبوو یاسای نەوت وگاز لە پەرلەمان پەسەند بکات( Shukri, 2017, pp.146-147 ). دوای ئەوەی بە بڕیاری ڕاستەوخۆی مالیکی، لە ئایاری 2014 بەغدا بودجەی هەرێمی بڕی، بۆ یەکەمجار هەولێر دەستی کرد بە هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان لە ڕێگەی تورکیاوە. هەناردەکردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان بووە هۆی بەهێزکردنی پێگەی کورد لەسەر ئاستی دەرەکی (Shukri, 2017, pp.146-147 ).**

**لە ڕاستیدا زۆر هۆکار هەبوون بۆ ئەوەی هەرێم دەست بکات بە هەناردە کردنی نەوت بۆ بازاڕەکانی جیهان لە دەرەوەی ڕەزامەندی بەغدا: یەکەم، وەك ئاماژەمان پێکرد بڕینی بودجەی هەرێم لە لایەن بەغداوە بووە هۆی ئەوەی هانی هەرێم بدات کە بە شێوەی سەربەخۆ نەوت هەناردە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات. دووەم، هەرێم پێیوابووە کە کونترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتییەکانی بەشێکە لە مافە دەستووریەکانی و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکەی کە ئەو کات لەلایەن بەغداوە لە ژێر هەڕەشەدا بووە. سێیەم، بەرپرسانی کورد پێیان وابوو کە هەناردەکردنی نەوت دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر گرێدانی هەرێم بە جیهانی دەرەوە. چوارەم، هەرێم بۆ هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی و درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخو زیاتر پێویستی بەوە هەبووە کە خۆی کۆنترۆڵی سەرچاوە سروشتییەکانی بکات و ببێتە ئەکتەری گرنگی نەوتی لە سەر ئاستی دەرەکی.**

**بەو شێوەیەش بەهێزبوونی کەرتی نەوت و هەناردەکردنی بۆ بازاڕەکانی جیهان زیاتر هانی هەرێمی دا بۆ ئەوەی خۆی لە بەغدا دوور بکاتەوە بەتایبەت کاتێك بەغدا گوشاری زۆری لەسەر هەرێم درووست کرد و هەوڵەکانی چڕکردنەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوت وگازی هەرێم. لەم ڕووەوە هەرێم پێیوابووە کە وەبەرهێنانی نەوت و هەناردەکردنی دەتوانێت خۆی بەرێوە ببات و وادەکات دەوڵەتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش دان بە سەربەخۆی هەرێم دابنێن.**

**دەستبەسەرداگرتنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان لە دوای هاتنی داعش بۆ عێراق هۆکارێکی دیکە بووە بۆ ئەوەی کورد بیر لە سەربەخۆیی بکاتەوە. کاتێك داعش نیوەی خاکی عێراقی داگیر کرد. کورد توانی بە پاڵپشتیی هاوپەیمانەکانی دەست بەسەر هەموو خاکی کوردستاندا بگرێت بە ناوچە ناکۆکەکانەوە. ئەمە یەکەمجار بوو لە مێژووی درووستبوونی دەوڵەتی عێراقدا کورد بتوانێت دەست بەسەر هەموو خاکی باشووری کوردستاندا بگرێت. بێگومان ئەمەش وایکرد سنووری هەرێمی کوردستان زۆر فراوان ببێت و بە کۆنترۆڵکردنی کەرکوك وناوچە دابڕاوەکان کورد سەرچاوەی نەوتی زۆری کەوتە دەست و نزیکەی 40% ی زیاتری خاکی هەرێمی کەوتە دەست(Rudaw 2017). سیاسەتی هەرێمیش بەو ئاراستەیە بووە کە ناوچە ناکۆکەکان وەك ئەمری واقع بکاتە بەشێکی دانەبڕاو لە هەرێم و زۆرجاریش سەرکردەکانی کورد باسی ئەوەیان دەکرد کە سنوورەکان بە خوێن پارێزراون و دژی هەر هەوڵێك دەوەستن کە بیانەوێت دەست بە سەر کەرکوکدا بگرن(Rudaw, 2015). لێرەدا دەکرێت بڵێین سیاسەتی هەرێم بەو ئاراستەیە بووە کە ئەو دیفاکتویەی کە درووست بووە لە دوای هاتنی داعش بپارێزێت و ترسی گەورەشیان هەبووە کە لە دوای شەڕی داعش هێزەکانی عێراق هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە بدەن.**

**گۆڕنکارییە ناوچەییەکان و نەرمی هەڵوێستی دەوڵەتانی دەرەوە لە سەرەتای پرۆسەی هەنگاونان بەرەو ڕیفراندۆم هۆکارێکی دیکە بووە کە هانی سەرکردەکانی کوردی داوە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی بهاوێژن. لەلایەك لە دوای بەهاری عەرەبی و هاتنی داعش بۆ عێراق دابەشبوونێکی گەورە لەنێوان دوڵەتانی هەرێمی ڕوویدا و بازنەی ململانێکان زۆر توندتر بوو بەتایبەت لە نێوان شیعە و سوننەکاندا. بێگومان ئەم ناکۆکیانە ڕاستەوخۆ کاریگەریان هەبووە لەسەر هەڵوێستی دەوڵەتانی هەرێمی بەرامبەر پرسی کورد. لەم ڕووەوە تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبی سیاسەتێکی نەرمتریان بەرامبەر هەرێم گرتە بەر و پەیوەندی زۆر باشیان لەگەڵ هەولێر دروست کرد. تەنانەت پەیوەندیی هەولێر لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی گەیشتە ئاستێك کە بەشێکیان دژایەتی سەربەخۆیی کوردستانیان نەدەکرد(Aljazeera, 2017). بەهەمان ئاراستەش ئیسرائیل بە ئاشکرا پاڵپشتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکرد. ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەتوانێت ببێتە لەمپەرێك لەبەردەم هەژمونی ئێران لەناوچەکەدا بەتایبەت لە عێراقدا(Reuters, 2017). لەلایەکی**

تریشەوە، لە سەرەتای باسکردن لە پرۆسەی ڕیفراندۆم و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەت ئەوروپا و ئەمریکا زۆر دژایەتی ڕیفراندۆم نەدەکرا. بەتایبەت پێش هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی سەرکردەکانی کورد ئەو پرسەیان لەگەڵ زۆربەی سەرکردەکانی ئەوروپا و ئەمریکا باس کرد و لە سەرەتدا تا ڕادەیەك هەڵوێستیان نەرم بووە و زۆر پێداگر نەبوون لە سەر دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم.

لەم ڕووەوە، لە شوباتی 2015 بارزانی سەردانی ئەڵمانیای کرد لە کۆنفڕانسی میونشن دیدای هەبووە لەگەل ئەنگیلا میرگل ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و جو بایدن سەرۆکی ئەمریکا. لەو دیدارانەدا زۆ بە وردی بارودۆخی عێراق باس کرا . بارزانی باسی ئەوەی کرد کە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی زۆر پشگیری لە هەرێم و پێشمەرگە دەکرد لە شەڕی دژی داعش. هەروەها لە دیدارەکاندا کاتێك باسی پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەکرا وەك جاران دژایەتی ئەو پرسە نەدەکرا. چیتر لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دژایەتی پرسی سەربەخۆیی نەدەکرا (بارزانی، 2020, ل ل30).

بارزانی ئاماژە بەوە دەکات کە تەنانەت لە کۆنفڕانسی میونشندا پرسی سەربەخۆیی لەگەڵ عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق باس کرد و هەست بەوە دەکرا کە تا ڕادەیەك بۆچوونیان نەرم بێت (بارزانی ،2020،ل 25). بە هەمان ئاراستەش کاتێك لە مانگی ئایاری 2015 شاندی هەرێم سەردانی ئەمریکا کرد پرسی سەربەخۆیی کوردستانی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکا باس کرد و بارزانی ئاماژەی بەوە کرد کە لە سەردانەکەدا کەس دژی پرسی سەربەخۆیی نەبوو و کەس باسی ئەوە نەکرد نابێت ڕیفراندۆم بکرێت. بەڵکوو زیاتر باسی ئەوەیان دەکرد کاتەکە گونجاو نییە. تەنانەت بارزانی باسی ئەوەی دەکرد کە لە کاتی دیدارەکەیدا لەگەڵ جو بایدن باسی ئەوەی کرد " هەردووکما لە تەمەنی خۆماندا سەربەخۆیی کوردستان بە چاوی خۆمان دەبینین"(بارزانی، ، 2020، ل،30).

کەواتە لێرەدا دیار دەبێت خراپ تێگەیشتنێك هەبووە لەنێوان سەرکردەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتە هاوپەیمانەکان. بەتایبەت ئەوەی ئاشکرایە ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا لە سەرەتدا لەسەر پرسی ڕیفراندۆم زۆر نەرم بوون و توند نەبوون لە دژایەتیکردنی پرسی سەربەخۆیی. ئەمەش وا لێکدرایەوە کە ئەو دەوڵەتانە دژایەتی ڕیفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی ناکەن. بێگومان ئەمەش هاندەر بووە بۆ ئەوەی هەرێم ڕیفراندۆم ئەنجام بدات.

**باسی سێیەم: هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم و پێداگرییەکانی هەرێم لەسەر ئەم پرسە:**

**لقی یەکەم: هەوڵە نهێنی و ئاشکراکانی ئەمریکا بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم**

سیاسەتی ئەمریکا هەمبەر پرسی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بەو ئاراستەیە بووە کە پاڵپشتیی عێراقێکی یەکگرتوییان دەکرد و لەگەڵ جیابوونەوی هەرێم نەبوون لە عێراقدا. بەڵام دەکرێت بڵێین لە ڕووی چۆنیەتی یاخود شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی کوردستان جیاوازی هەبوو لە نێوان ئیدارەی ئۆباما و ئیدارەی ترەمپ. لە سەردەمی ئۆباما سیاسەتی ئەمریکا تاڕادەیەك نەرمتر بووە بەرامبە هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی. ڕاستە ئەمریکا لەگەڵ سەربەخۆیی کورد نەبوو بەڵام زۆر دژایەتی ئەو پرسەی نەدەکرد. بەتایبەت لە سەردەمی ئۆباما. بارزانی لە پەرتوکی "بۆ مێژوو" ئاماژە بەوە دەکات کە کاتێك لە ئایاری 2015 شاندی هەرێم سەردانی ئەمریکایان کرد و لەگەڵ ئۆباما کۆبوونەوە و لە کوبوونەوەکانیدا لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکادا پرسی ڕیفراندۆم باسکرا. بارزانی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوکات ئەمریکییەکان نەك هەر دژایەتی ئەو هەوڵەیان نەکرد، بەڵکوو جێگری سەروکی ئەمریکا جو بایدن بە ئێمەی ڕاگەیاندبوو کە لە ژیانماندا پێکەوە دەوڵەتی کوردی دەبینین"(بارزانی،2020، ل،30). بێگومان ئەمەش وەك ئاماژەیەك بووە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر پرسی سەربەخویی کوردستان. بەڵام دیارە بە گۆڕینی ئیدارەی ئۆباما و هاتنی ترەمپ تاڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەر هەڵوێستی ئەمریکادا هات.

ئیدارەی ترەمپ، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی سەربەخویی کوردستان دوو سراتیژی گرتنەبەر. یەکەم: ستراتیژی نهێنی و گفتگۆی پشت دەرگاکان بۆ قەناعەتپێکردنی کورد بۆ ئەوەی واز لە پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بهێنن. لەم چوارچێوەیەدا

کاتێك لە 7ی تەمووزی 2017 بە فەرمی ڕۆژی 25ی ئەیلوولی 2017 دیاریکرا بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، بەرپرسانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان دەستیان بە هەڵمەتێکی سایسی و دیپلۆماسی کرد لەگەڵ بەرپرسانی هەرێم بۆ پاشگەزکردنەوەی کورد لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. لەم ڕووەوە زۆربەی هەوڵەکانی ئەمریکا پشت پەردە و نهێنی بووە. لەم ڕووەوە لە 22ی ئابی 2017 وەزیری بەرگریی ئەمریکا سەردانی هەرێمی کرد و پەیامەکەی ئەمریکا بە شێوەیەکی نهێنی و دوور لە چاوی ڕاگەیاندنەکان درایە سەرکردایەتی کورد. لە سەردانەکەیدا وەزیری بەرگیریی ئەمریکا جیمس ماتیس داوای لە سەرکردەکانی کورد کرد ڕیفراندۆم دوابخرێت. ماتیس هۆیەکانی دژایەتی ئەمریکای گەڕاندەوە بۆ ئەوەی پرسی ڕیفراندۆم زیان بە شەڕی دژە داعش دەگەیەنێت و ئاسایش و سەقامگیریی عێراقیش دەخاتە مەترسییەوە(Gordon 2017).

هەروەها 14ی سێپتەمبەری 2017 شاندێکی هاوبەشی ئەمریکا، بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ بارزانی کۆبوونەوە و داوایان لە بارزانی کرد کە واز لە پرۆسەی ڕێفراندۆم بهێنێت و بەدیلێکیان پێشکەش کرد بۆ ئەوەی کێشەکان لەگەڵ بەغدا بە دیالۆگ و گفتوگۆ چارەسەر بکەن. هەر چەندە ناوەرۆکی دەستپێشخەریەکەیان بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەکرا، بەڵام بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەدیلەکە گرنتی مەزنی تێدا نییە بۆ ئەوەی پرسی ڕینفراندۆم دوابخرێت.

کاتێك هەوڵەکانی پشت پەردە و نهێنی ئەمریکا بۆ ڕاگرتنی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجامی ئەوتۆی نەدایە دەست، ئەمریکا هەوڵ و گوشارە ئاشکراکانی بۆ دژایەتیکردنی پرسی ڕیفراندۆم دەستپێکرد. لەم ڕووەوە لە 15 ی سێپتەمبەر 2017 کۆشکی سپی بەیاننامەیەکی توندی دژی پرسی سەربەخویی بڵاو کردەوە و بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ڕیفراندنۆم ڕاگەیاند و داواشی لە سەرکردایەتی کورد کرد کە بە دیالۆگ کێشەکانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەن (Whitehouse, 2017). بەهەمان ئاراستەش لە 20 ی سێپتەمبەر 2017 وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك بە توندی دژایەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دووپات کردەوە، بەیاننامەکەی ئەمریکا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچەکە و هەموو کومەڵگای نێودەوڵەتی دژی ڕیفراندۆمن. هەروەها وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە سەرکردایەتی کورد کرد کە ئەو ئەڵتەرناتیڤەی پێشکەشیان کردووە پەسەندی بکەن و دەست بکەن بە دیالۆگی بونیاتنەرانە لەگەڵ عێراق بۆ ئەوەی لە ڕێگەی سیاسییەوە کیشەکان چارەسەر بکەن. ( U.S. department of state, 2017).

بەیاننامەکە باسی ئەوەیشی کرد کە نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکان یارمەتیدەر دەبن بۆ چارەسەکرندی کێشەکانی هەولێر و بەغدا. هەروەها بۆ یەکەمجار ئەمریکا مەترسییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دەرهاوێشتەکانی بۆ سەر هەرێم خستە ڕوو و ئاماژەی بەوە کرد کە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم دەرهاوێشتەی زۆر خراپی دەبێت بۆ هەموو عێراق و لەوانەش بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەوها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کاریگەریی خراپی دەبێت لەسەر پێگە و پەیوەندییە سیاسی و ئابورییەکانی هەرێم لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە (U.S. Department of State, 2017).

بەهەمان ئاراستەش لە 23ی سێپتەبمەر 2017 واتە دوو ڕۆژ پیش ئەنجامدانی ریفراندۆم، ئەمریکا نامەیەکی گرنگی ڕادەستی بارزانی کرد، بڕیاربوو لە ئەگەری پەسەندکردنی پێشنیارەکان لەلایەن وەزیری دەروەی ئەمریکا تیلەرسن واژۆ بکرێت. دەکرێت بلێین ئەو نامەیە دوایین پێشنیار و هەوڵەکانی ئەمریکا بوو بۆ ئەوەی هەرێم واز لە ڕیفراندۆم بهێنێت و ئەلتەرناتیڤەکەی ئەمریکا پەسەند بکات. نامەکە چەند خاڵێکی گرنگی لەخۆی گرتبوو لەوانە: یەکەم، جەختکردن لە سەر پاڵپشتیی نێودەوڵەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا بۆ ئەوەی ناوبژیوانی نێوان هەرێم و بەغدا بەکەن و هەوڵ بدەن بۆ چارەسەرکردنی پرسە هەلواسراوەکانی نێوان هەردوو لا لەوانەش پرسی پێشمەرگە، مەسەلەی کەرکوك و ناچە دابڕاوەکان، مەسەلەی نەوت وگاز. دووەم، نامەکە باسی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر بەغدا ئامادە نەبوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێم، ئەوکات ئەمریکا ڕێز لە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم دەگرێت. سێیەم، لە نامەکەدا جەخت لە سەر ئەوە کرابووەوە کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پاڵپشتی و پشتگیری لەو ڕێگە چارەیە دەکات کە لە نامەکەدا هاتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا. چوارەم، نامەکە باسی ئەوەی کردبوو کە ئەگەر هەرێم ئەو ئەلتەرناتیڤە قەبوول نەکات و سور بێت لەسەر هەلوێستەکەی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، چیتر ئەو نامەیە کاری پێناکرێت.

**هەرچەندە ئەمە دواین ئەلتەرناتیڤ بووە کە لەلایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پیشکەش کرا، بەڵام لەلایەن هەرێمەوە ڕەتکرایەوە(Tillerson, 2017).**

**لقی دووەم: پێداگریی هەرێم لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕەتکردنەوەی دەستپێشخەرییەکان**

**پرسی پێداگریی هەرێم لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕەتکردنەوەی دەستپێشخەرییەکان زۆر پرسیاری ورووژاند لەسەر ئاستی ناوەندەکاند و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و لە گرنگترین ئەو پرسیارانەش ئەوەیە کە بۆچی هەرێمی کوردستان دەستپیپشخەرییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕەتکردەوە؟ هۆکار و پاڵنەرە سەرەکییەکانی پاڵ ئەم هەڵوێستەی سەرکردایەتی کورد لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟ بۆچی ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی کاریگەری زۆری لەسەر هەرێم و هاوپەیمانی سەرەکی کوردەکان هەبووە، نەیتوانی قەناعەت بە بارزانی بکات بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم؟**

**بێگومان زۆر فاکتەرهەن وایانکرد کە هەرێمی کوردستان وێڕای گوشارەکان، پێشکەشکردنی دەستپێشخەری و ئەڵتەرناتیڤەکان، پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بکات و دەستپێشخەرییەکان ڕەتبکاتەوە. یەکێك لەو هۆکارانە پەیوەندی بەوەوە هەبووە کە ئەو دەستپێشخەرییانەی کە پێشکەشکران هیچ گرنتییەکی وای تیدا نەبووە کە جێگەی سەربەخۆیی بگرێتەوە یان ڕێخوشکەر بێت بۆ دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ. بەتایبەت ئەو کات سەرکردایەتی کورد جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە دەبێت بەدیلەکە بەشێوەیەك بێت ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ درووستکردنی دەوڵەتی کوردی. لەم ڕووەوە بارزانی دەڵێت: کاتێك کۆمەڵگەی نێودەولەتی لە نییەتی کورد تێگەیشتن و زانیان هەرێم جدییە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، گوشاری زۆریان لەسەر هەرێم درووست کرد" "بەبێ ئەوەی ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی لە بەرانبەریدا خەڵکی کوردستان دەستبەرداری ئەو مافەی خۆی ببێت"(بارزانی2020، ل ل30-44).**

**سەبارەت بە نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تیلەرسن کە لە 23 ی سێپتەبەری 2017 بۆ هەرێم نێردرا، بارزانی باسی ئەوە دەکات کە لە نامەکەدا خالی باشی تێدابوو، بەڵام گرنتی تەواوی تێدا نەبوو بە شێوەیەك پشتی پێ ببەسترێت. بەتایبەت بەدیلە پێشنیارکراوەکەی ئەمریکا کە لە نامەکەی تیلەرسن داهاتبوو پشتی بە دانوستاندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەغدا دەبەست و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ئەگەر گفتوگۆ و دانوستاندەکان لەگەڵ بەغدا شکستیان هێنا یان بەغدا ئامادە نەبوو کێشەکان لەگەڵ هەرێم چارەسەر بکات، ئەوا ئەمریکا ڕێز لە هەرێم دەگرێت بۆ ئەوەی ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن. بارزانی دەڵێت: ئێمە داوامان لە ئەمریکا کرد لە جێگەی وشەی ڕێزگرتن کە لە نامەکەی تیلەرسندا هاتبوو وشەی پاڵپشتیکردن بەکار بهێنرێت، بەڵام ئەمریکا ئەوەی ڕەتکردەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دوا پێشنیاری ئەمریکا ڕەتبکرێتەوە(بارزانی، 2020، ل 44). بەتایبەت لە ڕوانگەی سەرکردایەتی کوردەوە هەموو ئەو بەدیلانەی پێشکەشکران گرنتی و پابەندبوونێکی وای تێدا نەبووە کە بتوانن کود ڕازی بکەن واز لە ڕیفراندۆم بهێنێت(بارزانی، 2020، ل، 44).**

**یەکێکی تر لە هۆکارەکان ئەوە بووە کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە سەرەتای بڕیاردانی ڕیفراندۆم وەك پێویست دەستتێوەردانیان نەکرد و گوشاریان درووست نەکرد بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم. تەنانەت زۆربەری ئەو بەدیل و ئەڵتەرناتیڤانەی کە پێشکەش کران زۆر درەنگ پێشکەش کران و تەنیا چەند ڕۆژێك مابوو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. بێگومان ئەمەش هەڵەیەکی سیاسیی گەورەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بوو. ئەگەر ئەمریکا لە سەرەتای پرسەکە دەستتێوەردانی برکردایە یاخود بەدیەلەکان ئەو کاتە پێشکەش کرابان ئەو کات ئەگەری زۆر هەبووە ڕیفراندۆم نەکرابا و هەرێمیش ڕازی دەبوو لەسەر دواخستی ڕیفراندۆم. لە ڕاستیدا هەڵەی ئەمریکا ئەوەبووە کە لە قۆناغەکانی سەرەتا کە بڕیاردرا ڕیفراندۆم بکرێت وەکو پێویست دەستتێوەردانی نەکرد یان گوشاری درووست نەکرد. لەوەش خراپتر کاتێك بەرپرسەکانی ئەمریکا شکستیان هێناو لە قەناعەتکردن بە بارزانی بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم، سەرۆکی ئەمریکا یان جێگرەکەی نەهاتنە سەر خەت و ناو ڕووداوەکان و ڕۆڵی خۆیان نەگێڕا و لەگەڵ بارزانی قسەیان نەکرد. ئەگەری زۆر هەبوو کە ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا یان جێگرەکەی دەستتێوەردانیان بکردایە لەوانەیە زیاتر کورد ئامادە بووایە ئەو پرسە دوابخات.**

بەهەمان ئاراستەش، دەبێت ئەو خاڵە بگوترێت کە لە سەرەتدا ئەمریکاییەکان زۆر توونر نەبوون لە هەلوێستەکانیا و تەنیا باسی ئەوەیان دەکرد کە کاتی ڕیفراندۆم گونجاو نییە(Rudaw, 2017). ئەمەش لەلایەن کوردەوە وا شیکردنەوەی بۆ کرا کە ئەمریکا هێلی سوری نییە بەرامبەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان. لەم ڕووەوە گوشارەکانی ئەمریکا بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم زیاتر لە ناوەڕاستی مانگی سەپتەمبەر دەستیان پێکرد کە تەنیا 15 ڕۆژا مابوو بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم . ئەمە بەدەر لەوەی ئەگەر ئەمریکا لە سەرەتادا ئەلتەناتیڤەکەی پێشکەش کردبا لەگەل دیالۆگێکی چڕوپڕ لەگەڵ سەرکردایەتی کورد، ئەگەری زۆری هەبوو پرسی ڕیفراندۆم دواخرابا.

بەتایبەت کاتێك ئەمریکا بەدیلەکەی پێشکەش کرد تەنیا یەك دوو ڕۆژێك مابوون بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم و تەنانەت کوردەکانی دەرەوە دەنگیان دابوو. ئەمەش بارزانی خستە باردۆخێکی قورسەوە کە سەخت بوو بەبێ دڵنیاییەکی تەواو واز لە پرۆسەکە بهێنێت. بەتایبەت بارزانی ئەو کات باسی ئەوەی کرد کە ئێستا ڕیفراندۆم لە دەستی مندا نەماوە و کەتووەتە دەستی شەقام (بارزانی،2020، ل44). ئەمەش وەك ئاماژەیەك کە ئێستا زۆر درەنگە بۆ ئەوەی باسی دواخستنی ڕیفراندۆم بکرێت.

لە لایەکی تریشەوە خوێندنەوەی سەرکردایەتی کورد و ئەوانەی مەلەفی ڕیفراندۆمیان بەڕێوە دەبرد بەو شێوەیە بووە کە سیاسەتی ئەمریکا لە دوای ڕیفرادندۆم گۆڕانکاری بەسەردا دێت و تاڕادەیەك خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێنێت (Washington Post, 2017). کوردەکان قەت لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەمریکا بەرامبەر گۆشارەکانی دەوڵەتانی هەرێمی، هەڕشە و هێرشەکانی بەغدا، هەرێم بە تەنیا بەجی دەهێڵێت. سەرکردەکانی کورد بۆچوونیان وابووە کە کورد هێزێکی کاریگەرە لە عیراقدا و هاوپەیمانی ئەمریکایە و ڕۆلێکی مەزنی گێڕاوە لە شەڕی دژە داعشدا . بۆیە ئەمریکا پشتیان تێناکات یان هەر هیچ نەبێت ڕێگە نادات ئێران و گرووپە میلیشیاکان هێرش بکەنە سەر هەرێم. بەڵام لێرەدا ئەم بۆچوونەی هەرێم ئەوەی لەبەرچاو نەگرتبوو کە ئیدارەیەکی نوێ هاتۆتە سەر دەسەلات لە ئەمریکا بە سەروکایەتی دۆناڵد ترەمپ کە هیچ شارەزایەکی لە پرسی کورد نەبوو و بۆشی گرنگ نەبوو کورد چی بەسەر دێت. ترەمپ یەکێك لەو سەرۆکانە بووە کە گرنگی زۆری بە کێشە و پرسەکانی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان نەدەدا.

هەروەها گرنگە ئاماژە بەو فاکتەرەش بکەین کە پێداگریی کورد لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم پەیوەندی بە هەڵەخوێندنەوەی فاکتەری ناوخۆییەوە هەبووە. لە دوای شەری داعش سەرکردەکانی کورد تارادەیەك متمانەیان بە خۆیان پەیدا کردبوو و پێیان وابوو کە پێشمەگەرە بە هێزە و دەتوانێت لە حالەتی هەرهەڕەشەیەك بۆ سەر هەرێم بەرگری بکات. ئەو کات پارتی و یەکیتی لەسەر پرسی ڕیفراندۆم هاودەنگ بوون و سەرکردایەتی یەکێتی بە هیچ شێوەیەك دژی ڕیفراندۆم نەبوون(Kurdistan 24, 2017) . لەم ڕووەوە هەرچەندە سەرکردەکانی کورد باوەڕیان بەوە نەبوو کە بەغدا هێرش دەکاتە سەر هەرێم. بەڵام لەو باوەڕەدا بوون کە لە حالەتێکی وەهادا دەتوانن بەرگری بکەن و پێیاوان وابوو کە بەغدا ئەو هێزەی نییە ئەو هێرشە ئەنجام بدات. بەڵام ئەوەی سەرکردە کوردەکان بیریان لێ نەکردبووەوە لاوازیی دامەزراوەکانی هەرێم و هەبوونی دوو هێزی پێشمەرگەو و دوو زۆن بووە کە ئەمە خاڵێکی هەرە لاوازی هەرێم بووە و بەردەوام و بە درێژایی مێژوو بووەتە هۆی بەکارهێنانی ئەو خاڵە لاوازانە لەلایەن نەیارەکانی کوردەوە.

گومانی تێدا نییە ناکۆکی و دوو بەرەکی لە نێوان پارتی و یەکێتی کاریگەری زۆر هەبووە لەسەر ئەوەی لە دوای ڕیفراندۆم، وەك پێویست پاڵپشتی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان کۆنەکرێتەوە و ببێتە هۆکارێکی هەرە گرنگ بۆ شکستهێنانی پرۆسەی ڕیفراندۆم. سەرکردەکانی کورد و بە تایبەتیش پارتی لەو باوەڕەدا نەبوون کە لە دوای ڕیفراندۆم ، یەکیتی پشتیان تێدەکات و دەچێتە ژێر باری سیاسەت و ئەنجندای ئێران و هێزە میلیشیاکان بۆ دژایەتی کردنی هەرێم. پارتی لەو باوەڕەدا نەبوو ئێران دەتوانێت ناکۆکی و دووبەرەکی لەنێوان لایەنە کوردییەکان درووست بکات یاخود هێزەکانی پێشمەرگە دوو لەت بکات. یاخود ئێران و گرووپە میلیشیاکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕێککەوتنێکی نهێنی نێوان یەکێتی و ئێران و هیزەکانی حەشد ناوچەکان بێ شەڕ ڕادەستی بەغدا دەکەن(Rudaw, 2017). پارتی پێیوابووە کە چۆن لە شەڕی داعش کورد یەکگرتوو بووە و بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی هەڕەشەکان بوویەوە، لە ئەگەری هەڕەشەکانی بەغداش کورد بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی هەڕەشەکان دەبێتەوە.

گومانی تێدا نییە ئەمەش كاریگەری هەبووە لەسەر ئەوەی بارزانی، وێڕای گوشارەكان پێداگری لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بكات، چونكە سەركردایەتیی كورد پێیان وابوو دوای ڕیفراندۆم كورد پاڵپشتیی زیاتر پەیدا دەكات و ئەگەر بەغداش هێرش بكاتە سەر هەرێم، پیشمەرگە دەتوانێت بەرگری بكات. بێگومان ئەم بۆچوونەش ڕاست دەرنەچوو. بەشێك لە سەركردە دەستڕۆیشتووەكانی ناو یەكێتی لە دوای ڕیفراندۆم لە ژێرەوە ڕێككەوتنی نهێنییان لەگەڵ بەغدا و هێزە میلیشیاكان كرد و بێ شەڕ زۆربەری سەنگەرەكانیان چۆل كردن(Rudaw , 2017). ئەمەش كاریگەری زۆر خراپی كردە سەر پێگەی هەرێم و شكستهێنانی ڕیفراندۆم. تەنانەت ئەو بۆچوونەش هەبوو ئەگەر كورد یەكگرتوو بوایە ئەگەری زۆر هەبووكە بەغدا هەر لە بنەڕەتەوە ئەو بوێرییەی نەبێت هێرش بكاتە سەر هەرێیم. بێگومان ئەگەر پێش ڕیفراندۆم سەركردەكانی یەكێتی بە ئاشكرا دژایەتی ڕیفراندۆمیان بكردایە ئەگەری زۆر هەبوو پرۆسەكە بەڕێوە نەچێت.

**باسی چوارەم: هۆكارەكانی دژایەتیكردنی ئەمریكا بۆ پرسی ڕێفراندۆم**

یەكێك لەو پرسیارانەی زۆر لە ناوەند و سەنتەرە ئەكادیمییەكان باس دەكرێت ئەوەیە كە بۆچی ئەمریكا دژایەتیی پرسی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی كوردستانی كرد؟ گومانی تێدا نییە زۆر هۆكار هەبوون كە وایكرد ئەمریكا دژایەتی هەوڵەكانی هەرێم بكات بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم. لێرەدا دەكرێت ئاماژە بە خاڵە گرنگەكان بكەین. یەكێك لە هۆكارەكان پەیوەندیی هەبوو بە مەترسی داعش و دووبارە بەهێزبوونی لە عێراق و ناوچەكەدا. بەرپرسانی ئەمریكا بەردەوام جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەبێتە هۆی بەهێزبوونی داعش لە عێراق و ناوچەكەدا و هەموو ئەو دەستكەوتە سەربازییانەی كە لە دوای 2014 بەدەست هاتوون دەكەونە بەر مەترسییەوە. لەم چوارچێوەیەدا لە بەیاننامەیەكدا لە 15ی سپتەمبەری 2017 كۆشكی سپی جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەبێتە هۆی لاوازكردنی ئەو هەوڵانەی كە لە لایەن هێزە هاوپەیمانەكانەوە دەدرێت بۆ شكستهێنانی داعش و سەقامگیركردنی ئەو ناوچانەی كە لە ژێر دەستی گرووپە تیرۆریستییەكان ڕزگار كراون(White House, 2017).

بەهەمان ئاراستەش بەرپرسانی ئەمریكا لەو باوەڕەدا بوون كە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەتایبەت لە ناوچە ناكۆكەكاندا دەبێتە هۆی زیاتركردنی گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان بەغدا و هەرێمدا و ئەمەش لە كۆتاییدا دەبێتە هۆی ناسەقامگیركردنی ئەو ناوچانە و گرووپە توندڕەوەكان و داعش سوودی لێ وەردەگرن. بۆیە چارەنووسی ناوچە ناكۆكەكان دەبێت بە دیالۆگ چارەسەر بكرێت نەك بە سیاسەتێكی تاكلایەن (U.S. Department of state, 2017). هەروەها لە بەیاننامەیەكەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا جەختی لەسەر ئەوە كردەوە كە پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لێكەوتەی زۆر خراپی دەبێت بۆ هەموو عێراق، لەوانەش بۆ كوردەكان(U.S. Department of state, 2017).

هۆكارێكی دیكەی دژایەتیكردنی ڕیفراندۆم لەلایەن ئەمریكا پەیوەندیی هەبوو بە پرسی سەقامگیری عێراق و ناوچەكەوە. بەرپرسانی ئەمریكا مەترسی ئەوەیان هەبوو كە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەبێتە هۆی زیاتر ناسەقامگیركردنی عێراق و ناوچەكە، كە بە هۆی شەڕی داعش و بەهاری عەرەبی ڕووبەڕووی كێشەی زۆر بووبوویەوە. بەتایبەت ئەم خاڵە كاریگەری زۆری دەبێت لەسەر سیاسەت و بەرژەوەندیی ئەمریكا لە ناوچەكەدا. واتە ڕوانگەی ئەمریكا وابوو كە سەربەخۆیی كوردستان، عێراق و ناوچەكە ڕووبەڕووی قەیرانێكی گەورە دەكاتەوە و ناوچەكە زۆر ناسەقامگیرتر دەبێت. بەتایبەت دیار بوو یەكێك لە هۆكارەكانی سەرهەڵدان و هاتنی داعش لە ساڵی 2014 بۆ عێراق پەیوەندیی ڕاستەوخۆی هەبووە بەو ململانێی تایفیی كە لە سەردەمی مالیكی لە عێراقدا هەبووە .

بۆیە، بەرپرسانی ئەمریكا پێیان وابوو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ناكۆكی ئەتنی لە نێوان كورد وعەرەبەكان بەتایبەت لە ناوچە ناكۆكەكان زیاتر دەكات و ئەمەش ئەوەندەی تر عێراق ناسەقاگیر دەكاتDepartment of state) (U.S. . هەر بۆیەش بەرپرسانی ئەمریكا داوایان لە كورد كرد كە لە ڕێگەی و دیالۆگ و ئەمرازەكانی ئاشتییانە كێشەكان لەگەڵ بەغدا چارە سەر بكەن. بێگومان ئەم هەڵوێستەی ئەمریكا لە كاتێكدابووە كە هەڕەشە و گوشارەكانی بەغدا بۆ سەر هەرێم توندتر بوون و بەغدا هەڕەشەی بەكارهێنانی هێز و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر هەرێمدا دەكرد (David and Coker, 2017). بە هەمان ئاراستەش ئەمە لە كاتێدابوو كە بەغدا لەگەڵ توركیا و ئێران دەستی بە هەماهەنگی سیاسی و سەربازی كردبوو بۆ

ئەوەی لە ڕووی سەربازییەوە ڕووبەڕووی هەرێم ببێتەوەDavid and Coker, 2017 )) لەلایەکی تریشەوە لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا پەرلەمانی عێراق لە 12 ی سپتەمبەر 2017، پەرلەمان بە زۆرینەری دەنگی پێکهاتەی سوننە و شیعە، بە دەرکردنی بڕیارێك دەسەلاتیان بە سەرۆك وەزیران دا بۆ ئەوەی هێز دژی هەرێم بەکار بهێنێت بە تایبەت لە ناوچە ناکۆکەکاندا(Rudaw, 2017).

لە لایەکی تریشەوە، دژایەتی ئەمریکا بۆ پرسی ڕێفراندۆم پەیوەندی هەبوو بە پاڵپشتیکردنی حەیدەر عەبادی بۆ ئەوەی دووبارە ببێتەوە سەروك وەزیران. دیارە دوای ئەوەی لە ژێر گوشاری هاوپەیمانان و مەرجەعی شیعەکان مالیکی وازی لە دەسەلات هێناو، حەیدەر عەبادی لە ساڵی 2014 بووە سەروکوەزیرانی عیراق(al- monitor, 2016). ئەوەی ڕاستی بێت ئەمریکا زۆر پاڵپشتیی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی دەکرد و هەولی دەدا کە لە ڕێگەی عەبادییەوە سیاسەت و بەرنامەکانی خۆی لە عێراقدا جێبەجێ بکات. بەتایبەتیش عەبادی کەسێکی سێکولار و ناسیۆنالیزم بووە و و زۆر لە ئێران نزیك نەبوو. بۆیە ئەمریکا دەیویست لە ڕێگەی عەبادییەوە دووبارە عێڕاق سەقامگیر بکات. لەم ڕوانگەوەیە ئەمریکا لە پالپشتی کردنی عەبادی چەند ئامانجێکی هەبووە:

یەکەم، بەپرسانی ئەمریکا پێیان وابوو لە ڕێگەی عەبادییەوە دەتوانن سنوورێك بۆ هەژموون و دەسەڵاتی ئێران لە عیڕاقدا دابنێن یاخود پێگەکەی لاواز بکەن. بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی داعش، درووستبوونی دەیان هێزی چەکداری بە ناوی حەشدی شعبی، کە بەشێکی زۆری ئەو گروپانە ڕاستەوخۆ سەر بە ئێران بوون، پێگەی ئێران لە عیراقدا زۆر بەهێز بووبوو. ئەمریکییەکان پێیان وابوو لە ڕێگەی عەبادییەوە دەتوانن سنورێك بۆ دەسەڵات و کاریگەریی ئێران و گرووپە میلیشیاکان دابنێن لە عێڕاقدا( Brookings Institution, 2018). دووەم، ئەمریکا پێیان وابوو کە عەبادی دەتوانێت کار بکات بۆ ئەوەی گرووپ و هیزە میلیشیاکان بهێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە یان بیانکاتە بەشێك لە سوپای عێڕاق و بەو شێوەیش ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوە نفوز هێزە چەکدارەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەت.

سێیەم، واشنتون وای دەبینی کە دەتوانێت دووبارە عێڕاق سەقامگیر بکات و ململانێ و ناکۆکییە تایفییەکان کەم بکاتەوە، بەتایبەیت دوای ئەوەی نووری مالیکی ناکۆکییە تایفی وئەتنییەکانی لە عێڕاقدا قووڵ کردەوە Brookings Institution, (2018) بەهەمان ئاراستەش ئەمریکا مەبەستی بووە عێڕاق زیاتر هان بدات بۆ ئەوەی سیاسەتی هاوسەنگکردنی پەیوەندییەکان لە سەر ئاستی دەرەوە پراکتیزە بکات و زیاتر لە دەوڵەتانی عەرەبی نزیك ببێتەوە. لەم ڕووەوە واشنتون وای دەبینی کە عەبادی کەسێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بەو ئاراستەیە هەنگاو بهاوێژێت. هەموو ئەمانەش وایکرد ئەمریکا پاڵپشتیی عەبادی بکەن و دژایەتی هەوڵەکانی کورد بۆ سەربەخۆیی بکەن.

بەتایبەت پرسی ڕیفراندۆم لە کاتێکدابووە کە چەند مانگێکی مابوو بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێڕاق کە بڕیاربوو لە ساڵی 2018 ئەنجام بدرێت. ئەمریکا پێێ وابوو کە ڕیفراندۆم دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێگەی عەبادی لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا. هەرچەندە سەرەڕای ئەم سیاسەتەی ئەمریکا عەبادی لە پرۆسەی هەلبژاردنەکاندا وەك پێویست دەنگی نەهێنا و ئێران لە ڕێگەی هاوپەیمانەکانی توانی عەبادی لە دووبارە وەرگرتنی پۆستی سەروکوەزێران دوور بخاتەوە ) Brookings Institution, 2018).

بەهەمان ئاراستەش، نیگەرانییەکانی دەوڵەتانی هەرێمی، ترسی دەستتێوەردانی تورکیا و ئێران و ئەگەری ناسەقامگیربوونی زیاتری ناوچەکە هۆکارێکی دیکەی دژایەتی ئەمریکا بووە بۆ دژایەتیی پرسی سەربەخۆیی. بەتایبەت تورکیا و ئێران، لە میانەی هەوڵەکانی کورد بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم زۆر بە توندی دژی پرۆسەکە وەستانەوە و هەڕەشەی دەستتێوەردانی سەربازییان دەکرد. لەم ڕووەوە تورکیا و ئێران لەگەڵ عێڕاق دەستیان بە هەماهەنگی سەربازی و سیاسی کرد بۆ دژایەتیکردنی هەرێم. تەنانەت تورکیا لەگەڵ هێزەکانی عێڕاق مانۆری سەربازی لە سلوپی نزیك دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل ئەنجامدا(Barin Kayaoglu, 2017).

ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ پاڵپشتیکردنی عێڕاق ئەنجامدانی کردەی سەربازی دژی هەرێم. تەنانەت تورکیا گوشارێکی زۆری لەسەر ئیدارەی ترەمپ دروست کرد بۆ ئەوەی دژی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی بوەستێت. بۆیە ئەمریکا ترسی هەبوو کە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم ناچەکە زیاتر ناسەقامگیر بکات و بەرژەوەندییەکانی بخاتە مەترسییەوە. هەروەها دەبێت ئەو

راستییەش بزانین ئەمریکا لەگەڵ دابەشبوونی عێراقدا نەبووە. ئەمەریکا پیێ وابووە دابەشبوونی عێراق ناوچەکە ئەوەندەی تر ناسەقامگیر دەکات(State department, 2017). بەهەمان ئاراستەش، ئەمریکا پاڵپشتیی ئەوەی دەکرد کورد لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێت بۆ ئەوەی بتوانی کورد وەك کارتێك بەکار بهێنێت بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە سەر ئاستی عێراق و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئێران لەسەرعێراق. ئەمە بەدەر لەوەی کە لە ساڵی 2017 ئیدارەی ئۆباما لە دەسەڵاتدا نەبوو کە زیاتر نزیك بوون لە کورد..

باسی پێنجەم، لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان

ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە 25ی سپتەمبەری 2017 لە هەرێمی کوردستان لێکەوتەی زۆری هەبووە لەسەر پرسی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا. لەدوای ڕیفراندۆم عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر بە تایبەتیش ئێران و تورکیا گوشارێکی گەورەی سیاسی، ئابووری و سەبازیان لەسەر هەرێم درووست کرد. لەم ڕووەوە دەسەڵاتدارانی بەغدا کەوتنە هەماهەنگییەکی تەواو لەگەڵ ئێران وتورکیا بۆ دژایەتیکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. لە یەکەم هەنگاودا، لە 27ی سێپتەمبەری 2017 پەرلەمانی عێراق چەندین بڕیاری دژی هەرێم دەرکرد کە گرنکترینیان داواکردن بوو لە عەبادی بۆ ئەوەی هێز لە ناوچە ناکۆکەکان دژی هەرێم بەکاربهێنیت. هەروەها پەرلەمانی عێراق بڕیاری داخستنی سنوورەکانی دەرکرد و داوای هەڵوەشاندنی ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی کرد(بارزانی، 2020، ل ل 47-49). بە پشت بەستن بە بڕیارەکانی پەرلەمان، حکوومەتی عێراق گەمارۆی ئابووری بەسەر هەرێمی کوردستاندا سەپاند و فرۆکخانەکانی هەولێر و سلێمانی داخران و هەموو هاتووچۆیەکی فڕۆکەوانی بۆ کرودستان ڕاگیران. هەروەها بەغدا مەبەستی بوو بە هاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ ئێران و تورکیا دەست بەسەر هەموو خاڵە سنوورییەکانی هەرێمدا بگرێت. لەم ڕووەوە، بەغدا مانۆری سەربازیی هاوبەشی لەگەڵ تورکیا لە سلوپی نزیك سنووری ئیبراهیم خەلیل ئەنجامدا. ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ هەماهەنگی سەربازی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازە سنووریەکان. لەم چوارچیوەیەدا، بەغدا داوای لە هەرێم کرد هەموو خاڵە سنوورییەکان و فڕۆکخانەکان ڕادەستی بەغدا بکات(Aljazeera, 2017).

لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی سەربازییەوە حکومەتی حەیدەر عەبادی بە پاڵپشتیی ئێران و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە حەشدی لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 هێرشیان کردە سەر کەرکوك و ناوچە ناکۆکەکان و دەستیان بە سەردا گرت. لەڕاستیدا پێش دەستپێکردنەوەی هێرشی سەربازی بۆ سەر کەرکوك، فەرماندەی سوپای قودس قاسم سلیمانی توانی ڕێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ بەشێك لە سەرکردایەتی یەکێتی بکات بۆ ڕادەستکردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان. بێگومان ئەو ڕێککەوتنە خاڵێکی یەکلاکەروە بوو و هۆکارێکی هەرە سەرەکی بووە بەوەی بەغدا بتوانێت بە ئاسانی دەست بەسەرکەرکوك و ناوچە دابڕاوەکاندا بگرێت(بارزانی،2020 ، ل ل 50-52 ). لەم ڕووەوە، دەکرێت بڵێین دابەشبوونی ناوماڵی کورد کاریگەری زۆر خراپی هەبووە لەسەر ئەوەی بەغدا بتوانێت لە ڕووی سەربازییەوە بەئاسانی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان داگیر بکات. بەتایبەت بەشێکی زۆری هێزی پیشمەرگەی سەر بە یەکێتی بەبێ شەڕ و بە بڕیارێکی حیزبی سەنگەرەکانیان چۆڵ کردن. بەو شێوەیش لە دوای ڕیفراندۆم کورد نیوەی خاکی کوردستانی لە دەستدا و زیانێکی گەورەش لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەر پێگەی هەرێمی کوردستان کەوت.

نەك هەر ئەمە بەڵکوو سوپای عێراق بە هاوکاریی فەرماندەی سوپای قودس و چەکدارەکانی حەشدی شەعبی مەبەستیان بووە تەنانەت کیانی هەرێم بڕوخێنن. هەربۆیە لە دوای داگیرکردنی کەرکوك لە 20ی ئۆکتۆبەری 2017 هێرشیان کردە سەر پردێ و مەبەستیان بوو بەرە و هەولێر پێشڕەویی بکەن. هەروەها لە 26 ی ئۆکتۆبەری 2017 بە مەبەستی کۆنتڕۆڵکردنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل لە میحوەری سحێلا هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە، بەڵام لە هەموو هێرشەکاندا تێکشکان(بارزانی، ل54). لە دوای ئەمەش بە ناوبژیوانی ئەمریکا گفتوگۆ لەنێوان بەغدا و هەولێر دەستی پێکرد. بەتایبەت دوای ئەوەی هەرێم ڕازی بوو ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم سڕ بکاتەوە.گومانی تێدا نییە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کاریگەری زۆر خراپی کردە سەر پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەم ڕووەوە هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە تووشی ئابلوقەیەکی سیاسی گەورە بوو. هەر ئەمەش وایکرد کە بەغدا و دەوڵەتانی دەوروبەر بەدەرفەت

بزانن بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێم. هەر بۆیەش لە دوای ڕیفراندۆم شەڕکردن لە پێناوی مانەوەی کیان و قەوارەی هەرێم جێگەی پرسی سەربەخۆیی گرتەوە. بەتایبەت عێراق هەماهەنگی تەواوی لەگەڵ تورکیا و ئێران دەکرد بۆ ئەوەی هەموو دەروازە سنوورییەکان بە زەبری هێز کۆنترۆڵ بکات(Washington Post, 2017).

لەدوای ئەنجامدانی ڕێفراندۆم لە یەکەم لێدواندا، تیلەرسون وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا لە29 ی سێپتەمبەری 2017 جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەوان دان بە بڕیاری تاکلایەنەی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستاندا دانانێن و ڕیفراندۆمەکە هیچ شەرعییەتێکی نییە. لەم ڕووەوە، ئەمریکا جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە بەردەوام دەبن لە پاڵپشتیکردنی عێراقێکی یەکگرتوو، فیدرالی و دیموکراسیەت و داواشی لە بەغدا کرد کە خۆی لە بەکارهێنانی هێز دووربخاتەوە(U.S. Department turkey, 2017).

لە هەموویان مەترسیدارتر هەڵوێستی سەرۆکی ئەمریکا بووە لە 16 ی ئۆکتۆبەردا کاتێك هێزە عێراقییەکان بە پاڵپشتیی گروپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران هێرشیا کردە سەر کورد، ترەمپ لە لێدوانێکدا ئاماژەی بەوەی کرد کە ئەوان لەو شەڕەی کە لەنێوان هەرێم و بەغدا ڕوودەدات بێلایەن دەبن و پاڵپشتی هیچ لایەنێك ناکەن (Reuters, 2017) . بێگومان ئەم هەڵوێستەی ترەمپ شۆکێکی گەورە بووە بۆ کورد. بەتایبەت لەو شەڕەدا سوپای عێراق بە هاوکاری گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران بە چەکی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر پێشمەرگە. ئەم لێدوانەی سەرۆکی ئەمریکا نەك هەر هاوکار نەبوو بۆ ڕێگرتن لە هێرشەکانی عێراق، بەڵکوو زیاتر هانیدان بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر کوردستان.

هاوکات لە دوای شەڕی پردێ و سحێلا، سیاسەتی ئەمریکا تا ڕادیەك گۆڕانکاری بەسەر داهات و زیاتر هاتە ناو کێشەکان بۆ ئەوەی شەڕی نێوان بەغدا و هەولێر ڕابگرێت. لەم ڕووەوە دوای شەڕی پردێ لە 20 ی ئۆکتۆبەری 2017 وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاگەیێنروێکدا ، ئاماژەی بەوەی کرد کە پرسی ناوچە ناکۆکەکان بە بەکارهێنانی هێز چارەسەر نابێت و هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕدرێت و ئەو ناوچانە هەر بە ناچەی ناکۆك دەمێننەوە تا ئەو کاتەی بە گوێرەی دەستوور یەکلا دەبێتەوە. هەروەها ئەمریکا داوای کرد بەغدا و هەولێر دەست بە دیالۆگ بکەن بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانیان بە پێی دەستوور (U.S. Department of State , 2017). ئەم بەیاننامەی ئەمریکا لە چەند ڕوویەکەوە گرنگ بوو: یەکەم، نامەیەك بوو بۆ بەغدا کە کۆنترۆڵکردنی ناوچە ناکۆکەکان بە زەبری هێز هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت و ئەو ناوچانە هەر بە ناوچەی ناکۆك دەمێننەوە. دووەم، جەختکردن بوو لەسەر ئەوەی دەبێت ناوچە ناکۆکەکان بەپێی دەستوور چارەسەر بکرێن و عێراق دەبێت خۆی بە دوور بگرێت لە بەکارهینانی هێزی سەربازی بۆ ئەوەی بارودۆخەکە زیاتر ئاڵۆز نەبێت (U.S. Department of State , 2017). سێیەم، ئاماژەیەک بوو بەوەی کە سیاسەتی بێلایەنی ئەمریکا وەك ترەمپ ئاماژەی پێکردوە کۆتایی هاتووە و ئەمریکا نایەوێت زیاتر لەوە عێراق هێرش بکاتە سەر هەرێم. چوارەم، سەرەڕای نیگەرانیی ئەمریکا لە سیاسەتی هەرێم، بەڵام ئەمریکا لەگەڵ هەبوونی هەرێمی کوردستانە و دژی ئەو هەوڵانەیە کە مەبەستیەتی ئەو قەوارەیە نەمێنێت.

بەهەمان ئاراستەش ئەمریکا لە 30 ی ئۆکتۆبەری 2017 لە بەیاننامەیەکی گرنگدا داوای لە هەموو پارت و هێزە سیاسییەکانی هەرێم کرد کە پاڵپشتی حکومەتی هەرێم بکەن و خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەڵبژاردنەکانی 2018 کە بڕیار بوو لە عێراق ئەنجام بدرێن. هەروەها ڕاگەیێنراوەکە ئاماژەی بەوە کرد کە پاڵپشتی لە کوردستانێکی بەهێز دەکەن لە چوارچێوەی عێراقدا(U.S. Department of State , 2017). ئەم بەیاننامەی ئەمریکا لەو کاتەدا لە چەند ڕوویەکەوە گرنگ بووە: لەلایەك، ئەمە لە کاتێکدابوو لە ناوخۆی هەرێم دابەشبوونێکی گەورە هاتبووە ئاراوە و لایەنەکان داوای درووستکردنی حکومەتێکی کاتی و ڕزگاری نیشتمانیان دەکرد. بە هەمان ئاراستەش، ئەم سیاسەتەی ئەمریکا لە کاتێکدا بوو کە هەموو لایەنەکان بەدەر لە پارتی ڕوویان لە بەغدا کردبوو. بۆیە ئەم ڕاگەیێنراوە ئاماژەیەك بوو بە پاڵپشتی ئەمریکا بۆ حکومەتی هەرێم و دژایەتیکردنی ئەو هەوڵانەی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی دەدرێن بۆ زیاتر لاوازکردنی پێگەی هەرێم . هەروەها ئەمریکا جەختی لەسەر ئەوە کرد کە پاڵپشتی هەرێمێکی بەهێز دەکەن لە چوارچێوەی عێراقدا (U.S. Department of State , 2017). ئەمەش وەك ئاماژەیەك کە ئەمریکا سەرەڕای تێبینییەکان پاڵپشتی مانەوەی قەوارەی هەرێم دەکات و دژی ئەو هەوڵانەیە کە دەیانەوێت ئەو قەوارەیە نەمێنیت.

**ئەنجام**

**لەمیانەی توێژینەکەمان سەبارەت بە سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتینە کۆمەڵێک ئەنجام لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە.**

**1- پێدا گریی کورد و جەخت لە سەر پرسی سەربەخۆیی کودرستان پەیوەندی بە کۆمەڵێك فاکتەر و هۆکارەوە هەبووە کە گرنگترینیان بریتی بووە لەوەی کە بەغدا لە سەردەمی نوری مالیکی هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ کۆکرنەوەی دەسەلاتەکان لە بەغدا و پەراوێزخستن و بە پشگوێخستنی هەرێم. بەهەمان ئاراستەش هاتنی داعش بو عێراق، کۆنترۆڵکردنی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان لە لایەن پێشمەرگە، دەستگرتن بەسەر بەشێکی زۆری سەرچاوە نەوتیییەکان، یارمەتییە سەربازییەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانان بۆ کورد هەموو ئەمانە هاندەربوون بۆ ئەوەی سەرکردەکانی کورد ڕیفراندۆم ئەنجام بدەن.**

**2- سیاسەتی ئەمریکا بەرامبە ڕپرسی ڕیفراندۆم خۆی لە دوو قۆناغی سەرەکیدا بینییەوە. لە سەرەتای پرۆسەکە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگەی دیپلۆماسییەتی نهێنی وپشت دەرگاکان گوشاریان درووست کرد بۆ ئەوەی کورد واز لە ڕیفراندۆم بهێنێت. بەڵام کاتێك هەوڵەکانیان سەرکەتوو نەبوون، ئەمریکا دەستی کرد بە گوشارخستنە سەر کورد بە شێویەکی ئاشکرا و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە. لە ڕاستیدا ئەو گوشارانەی ئەمریکا لە دوا ڕوژەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەستی پیکرد، ئەگەر لە سەرەتای پرۆسەکە دەستی پێ کردبا، ئەگەری زۆر هەبوو کورد ڕازی بێت بە دواخستنی ڕیفراندۆم.**

**3- جەختکردنی کورد لە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕازینەبوون بە بەدیل وئەلتەرناتیڤەکان کە لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە پێشکەش کران پەیوەندی بە زۆر فاکتەرەوە هەبوو: یەکەم، ئەلتەرناتیڤەکان زۆر درەنگ پیشکەش کران. هەروەها دڵنیایی زۆری تێدا نەبوو بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە کار بکرێت بۆ هەنگاونان بەرەوە سەربەخۆیی. بەهەمان ئاراستەش, سەرکردەکانی کورد لەو باوەڕەدا بوون کە دەتوانن دیفاکتویەك درووست بکەن کە دواتر هەموو لایەنەکان بە ناچاری دانی پێدادەنێن. هەروەها بارزانی باوەڕی نەدەکرد یەکێتی لە ژێر گوشارەکانی ئێران و بەغدا دەکەوێتە سەنگەری دژایەتیکردنی ڕیفراندۆم.**

**4- هۆکاری سەرەکی دژایەتی ئەمریکا بۆ پرسی سەربەخۆیی خۆی لە کومەلێك هۆکاردا دەبینێتەوە لەوانە، پالپشتی کردنی عەبادی بۆ ئەوەی دووبارە ببێتەوە سەرۆکوەزیران. هەروەها ترس لە دووبارە بەهێزبوونەوەی داعش، ناسەقاگیربوونی عێراق، دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ لە ئەو وڵاتە دیسان هۆکار بوون کە ئەمریکا دژایەتی پرسی سەربخۆیی دەکرد.**

**5- ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و دواتریش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر کاریگەری خراپی کردە سەر پێگەی کورد و بووە هۆکاری ئەوەی لە سەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی پێگەی کورد لاواز ببێت. هەروەها بووە هۆکاری ئەوەی کورد نیوەی خاکی خۆی لە دەست بدات و ناوچە ناکۆکەکان کەوتنە دەست عێراق.**

**6- سەرەرای ئەوەی ئەمریکا دژایەتی پرسی سەربەخۆیی کوردستانی کرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەمریکا گوشاری درووست کرد بۆ ئەوەی هێرشەکانی سەر هەرێم ڕابگرێت. هەروەها لە دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر بەتایبەتیش دوای شەڕی پردێ و سحێلا، ئاراستەی سیاسەتەکانی ئەمریکا گۆڕانی بەسەرداهات و کەوتە گوشار درووستکردن لەسەر بەغدا بۆ ئەوەی هێرشە سەربازییەکانی ڕابگرێت. .**

**لیستی سەرچاوەکان:**

**1- دۆکیۆمێنتی حکومی، لێدوان، ڕاگەیێنراوەکان و ڕاپۆرتەکان :**


1. Reuters, U.S. 'not taking sides' in Iraqi-Kurdish dispute: Trump<https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-kurds-trump-idUSKBN1CL2QC>
2. Rex Tillerson, Letter to Barzani, *Bloomberg*, 23 September , 2017https://assets.bwbx.io/documents/users/iqjWHBFdfxIU/rsJkyXsgEaig/v0

3. U.S. Department of state, Iraqi Kurdistan Regional Government’s Planned Referendum, 20 September 2017< https://2017-2021.state.gov/iraqi-kurdistan-regional-governments-planned-referendum/index.html>
4. U.S. Department of State, Situation Near Kirkuk, Iraq, Press Statement, 20 October 2017< https://2017-2021.state.gov/situation-near-kirkuk-iraq/index.html>
5. U.S. Department of State ‹Political Transition in Iraqi Kurdistan Region, Press Statement, 30 October2017< https://2017-2021.state.gov/political-transition-in-iraqi-kurdistan-region/index.html>
6. U.S. Embassy Turkey, Iraqi Kurdistan Regional Government’s Referendum, 29 September 2017< https://tr.usembassy.gov/iraqi-kurdistan-regional-governments-referendum-tillerson/>
7. White House, Statement by the Press Secretary on the Kurdistan Regional Government’s Proposed Referendum, 15 September 2017< https://trumpwhitehouse.archives.gov/briefings-statements/statement-press-secretary-kurdistan-regional-governments-proposed-referendum/>

**کتێبەکان:**

8. **مسعود بارزانی، بۆ مێژوو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر،2020**
9. **نەوزاد عەبدوڵا هێتوتی، دۆزی کورد لە عێراق و میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی چاپخانەی موکریانی،هەولێر، 2009**

**جۆڕناڵ (گۆڤار)ی زانستی:**

10. Nawzad Abdullah Shukri, "Countering Iran’s influence in Iraq from Obama to Trump: instruments and implications, 2009–2020." Global Affairs 7.5 (2021): 855-870.
11. Nicola, Degli Esposti,. "The 2017 independence referendum and the political economy of Kurdish nationalism in Iraq." Third World Quarterly 42.10 (2021): 2317-2333.
12. Sinem Cengiz, 2022. "Dynamics of Saudi Arabiaâ “KRG Relations: From 2003 Iraq War to 2017 Referendum and Beyond," Contemporary Review of the Middle East, , vol. 9(3), pages 321-340, September.

**نامەی ماستەر و دکتۆرا:**

13. Nawzad Abdullah Shukri, Explaining US Foreign Policy towards Kurdistan Region of Iraq (2003-2015). Diss. University of Leicester, 2017.
14. Shareef, Mohammed, and Majeed Jalal. President George W. Bush’s Policy towards Iraq: Change or Continuity? Diss. Durham University, 2010.

**چاوپێکەوتن ، توێژینەوەی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە، تینکتانك و ڕۆژنامەکان:**

15. Akiko Yoshioka, What Caused the KRG Miscalculation on the Independence Referendum? Washington institutehttps://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/what-caused-krg-miscalculation-independence-referendum
16. Aljazeera, Erbil and Baghdad after referendum< https://www.aljazeera.net/news/2017/9/29/>
17. Aljazeera, Iraqi Kurdish Independence Referendum: The Road Ahead, October 2017 <https://studies.aljazeera.net/en/reports/2017/10/iraqi-kurdish-independence-referendum-road-171024102636556.html>
18. al-monitor, Iraqi ministers fall like dominoes as Maliki's bloc targets Abadi<https://www.al-monitor.com/originals/2016/09/maliki-abadi-barzani-iraq-is-pmu-iran-us.html#ixzz7zEb13F00>

19. Barin Kayaoglu, Turkish military sends anti-referendum message with exercises across border, al-monitor, 18 September 2017<https://www.al-monitor.com/originals/2017/09/turkey-military-exercises-across-syria-iraq-border.html#ixzz7zEc5eBE6>
20. BBC, Iraqi Kurds 'prepared to draw own borders', Barzani warns Baghdad, September 2017, <https://www.bbc.com/news/world-middle-east-41189619>
21. David Zucchino and Margaret Coker, Iraq Escalates Dispute With Kurds, Threatening Military Action, The New York time , 27 September 2017< https://www.nytimes.com/2017/09/27/world/middleeast/kurdistan-referendum-iraq.html>
22. France 24, French president to facilitate dialogue between Iraqi government and Kurds, 2 December 2017< https://www.france24.com/en/20171202-france-macron-kurdistan-barzani-iraq>
23. Ian Bremmer , President Trump Sits on the Sidelines as Iraq Rolls Over the Kurds, time, 19 october2017 https://time.com/4989040/trump-sidelines-iraq-rolls-over-kurds/
24. Imad K. Harb, Khalil E. Jahshan and others, Imad K. Harb, Khalil E. Jahshan, and Arab center Washington CD< https://arabcenterdc.org/resource/iraqs-kurds-vote-to-secede-but-problems-loom/>
25. Jeffrey Heller, Israel endorses independent Kurdish state, Reuter, September 2017< https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-kurds-israel-idUSKCN1BO0QZ>
26. Kurdistan 24, Pompeo meets senior Kurdish leaders in Kurdistan following visit to Baghdad, 9 January 2019< https://www.kurdistan24.net/en/story/21875-Pompeo-meets-senior-Kurdish-leaders-in-Kurdistan-following-visit-to-Baghdad>
27. Kurdistan 24, PUK, Gorran leadership express support for referendum in joint statement, April 2017<https://www.kurdistan24.net/en/story/11289-PUK,-Gorran-leadership-express-support-for-referendum-in-joint-statement>
28. Lawk Ghafuri, US VP Mike Pence pays surprise visit to Iraq, Kurdistan Region, Rudaw, 23 November 2019< https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/231120193.
29. Loveday Morris, How the Kurdish independence referendum backfired spectacularly, Washington Post, 20 October 2017< https://www.washingtonpost.com/world/how-the-kurdish-independence-referendum-backfired-/2017/10/20/3010c820-b371-11e7-9b93-b97043e57a22_story.html>
30. Michael R. Gordon, Mattis Asks Iraqi Kurds to Put off Vote on Independence, The New York time, 27 August 2017< https://www.nytimes.com/2017/08/22/world/middleeast/iraq-kurds-independence-mattis-barzani-tillerson.html>
31. Mohammed Rwanduzy ،Kurdistan Region President Nechirvan Barzani meets Trump at Davos summit, Rudaw, 22 January 2020< https://www.rudaw.net/english/world/220120201>
32. Mustafa Salim, Karen DeYoung and Tamer El-Ghobashy, Tillerson says Kurdish independence referendum is illegitimate, Washington Post, 29 September 2017
33. Ranj Alaadin, Can the US still rely on Iraqi Prime Minister Haider al-Abadi? Brooking Institute, 19 January 2018< https://www.brookings.edu/blog/order-from-chaos/2018/01/19/can-the-us-still-rely-on-iraqi-prime-minister-haider-al-abadi/>
34. Rudaw tv, Kurdish VP accuses certain PUK leaders of fall of Kirkuk, calls them 'apostates', October 2017< https://www.rudaw.net/english/kurdistan/181020171>
35. Rudaw tv, Kurdistan Government Blasts Baghdad Over Budget Freeze, 2017<https://www.rudaw.net/english/kurdistan/030320141>
36. Rudaw tv, Ruling Shiite alliance warns Erbil: ‘Drawing borders with blood' won’t succeed, 2014<https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/20042017-amp>
37. Rudaw tv, US defense secretary did not oppose Kurdistan referendum, explains President Barzani, August 2017<https://www.rudaw.net/english/kurdistan/30082017>

38. Rudaw, Iraqi parliament votes to reject Kurdistan referendum, 2017< https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/12092017>

39. مسعود البارزاني ، البارزاني للحياة اللندنية: الحدود الجديدة ترسم بالدم، https://www.rudawarabia.net/arabic/kurdistan/070220152

40. نەوزاد هێتوتی، حكومەتەكەی عەبدولمەهدی دەستوور جێبەجێ دەكات؟ Rudaw, 2018 https://www.rudaw.net/sorani/opinion/02112018

## الاستفتاء لاستقلال إقليم كوردستان بين اصرار إقليم ورفض الامريكي :أسباب و تداعيات



| |
|---|
| أ.م.د نوزاد عبدالله شكرى |
| كلية العلوم السياسية-جامعة صلاح الدين-أربيل |
| nawzad.shukery1@su.edu.krd |




### ملخص

تتناول هذه الدراسة تفاصيل السياسة الأمريكية تجاه إقليم كوردستان خلال إدارة دونالد ترامب 2017-2021. في هذا الصدد، تهدف الدراسة إلى تقديم الحجج العلمية للأسباب والدوافع الرئيسية للاستفتاء ، وكذلك توضيح معارضة إدارة ترامب لمسألة استقلال كوردستان. من الواضح، أن جهود العراق لتهميش الاقليم وتركيز السلطات في بغداد وانتهاك الحقوق الدستورية للكورد، شجعت الكورد على التفكير في الاستقلال. لكن هذا لم يكن السبب الوحيد، بل ان تعزيز مكانة الكورد بعد وصول داعش إلى العراق والسيطرة على كركوك والمناطق المستقطعة، وسياسة الاقليم لإقامة دولة الأمر الواقع ، دفع القادة الكورد إلى الإصرار على إجراء الاستفتاء. من ناحية أخرى، كانت سياسة إدارة ترامب متجهة نحو معارضة مسألة استقلال كوردستان. على وجه الخصوص، اعتقدت الولايات المتحدة أن الاستفتاء سيؤدي إلى تعزيز داعش، وزيادة عدم الاستقرار في العراق والمنطقة، واندلاع حرب عرقية وزيادة تدخل دول المنطقة في شؤون العراق والاقليم. وفي الاتجاه نفسه، اعتقدت الولايات المتحدة أن الخطوة الكوردية ستضر بموقف العبادي، الذي كان مدعومًا من الولايات المتحدة، وكانت تعتقد أن العبادي يمكنه من ناحية تحقيق الاستقرار في العراق ومواجهة نفوذ إيران والمجاميع المسلحة والميليشيات التابعة لها من ناحية أخرى.


الكلمات المفتاحية: امريكا، إقليم كوردستان ،الاستفتاء

**Kurdistan Region Independence Referendum between Kurdish Determination and US Refusal: reasons and consequences**

**Assist.prof.Dr. Nawzad Abullah Shukri**
**Salahaddin Unuiversity- Collage of Politics-Erbil**
**nawzad.shukery1@su.edu.krd**

**Abstcract**

**This research attempts to enalaysis the US foregin policy towards Kurdistan region during Trump administration2017-2020. Despite a growing debate within academia, there is still great deal of controversy on what were the key reasons behind KRI decision for holding referendum? More importantly, why do US strongly reject Kurdish effort for independence?**

**In fact, Violation of Kurdistan Region rights whcich stipulated in constitution by the Iraqi government, Bakhdad policy aimed at undermining the poseton of KRI, The flexible policy which pursued by Turkey and Arab Gulf States towards KRI and the US and its allies support for Kurds in war against ISIS, the expansion of KRI territories, following ISIS incursion into Iraq and capturing Kirkuk and disputed areas, With gaining control over new oil and gas resources in disputed areas and the kurdish leaders policy to establish de facot states all these factors pushed KRI to holds independence refrendum**

**It was obvious that US did not support Kurdish independence referendum. There were key factors that contributed to such a position from the US. The US administration saw that referendum would disrupt war against ISIS and undermine international collations efforts to defeat ISIS. Further, the US administration was concerns that referendum would undermine security and stability in Iraq and would renew ethnic conflict which would damage US interests in the region. Further, at that time the US policy was to support Haidar Abadi Prime Minister for second terms by believing that Abadi would be able to disarm Shia militias, maintain stability and contain Iran influence in Iraq.**

**Keywords: Amrica, Kurdistan Region, Refrendum**